**جا هەر بازنەیەک بکێشن بەدەوری سلێمانیدا و تاپۆی بکەن لەسەر زەکەریا با ئیتر هەمووسلێمانی ببێت بە کرێچی زەکەریا ... عەلی کوردستانی**

بڵێین بە گوڵ قەت سەر لە خاک نەکاتە دەر
ئەمڕۆ ڕۆژی دڕک و داڵە گەرمی بازاڕی گیا
با لەهەورا سەرنگون بێ مانگ یا ڕۆژی جوان
شەمشەمە کوێرە ئەڵێ من نامەوێ شوعلەی چیا
قانیع

پاش ئەوەی لەسەر سایتی کوردستان نێت بڵاوبویەوە کە هونەرمەند زەکەریا زەویەکی زۆری لە بەهەشتی شار پێدراوە. من گلەییەکی وەهام لە زەکەریای گۆرانیبێژ نیە سەبارەت بە خودی زەکەریا کە چی کردوە وە تا چ ڕادەیەک ویژدانێکی تەندروستی مرۆڤانەی هەیە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئەوەیە کە ئایا بە چ هەقێک ئەوەندە زەوی دەدرێ بە کەسێک. هەرچەندە هەموو کوردێک مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی پارچە زەوی خۆی وە زەکەریاش وەک کوردێک وەک هونەرمەندێک مافی خۆیەتی کە پارچە زەوی خۆی هەبێ، بەڵام ئایا بەم شێوەیە؟؟ 29 دۆنم لە باشترین و چاکترین و گرانترین شوێنی سلێمانی یان 1645 مەتر دووجا لە بەهەشتی شار!!!!!!! باشە ئەمە بە چ حەقێک؟؟ بە چ یاسایەک؟؟ ئەمەیە عەدالەت ئەی دەسەڵاتداران؟؟ ئەمەیە ئەو یەکسانییەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن؟؟؟ ئەمەیە بە دەمەوەچوونی هەژاران و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران؟؟
کاتێک کە پیرەژنێکی پەککەوتەی گەرمیانی کوڕەکانی بەکۆڵ دەبیەن بۆ ئەوەی دەنگتان بۆ بدەن ئایا بۆ ئەوە دەنگەدەدات کە کونە سوچەرێکی نەبێ ڕۆژی تیابکاتەوە؟؟ و لەولاشەوە هەزاران مەتر دووجا وەک دیاری فلانەکەس بۆ زەکەریا؟؟!! مامۆستای وا هەیە 25 ساڵە قوتابی کورد پێ دەگەیەنێ و هەزاران جاریش ئیهانە و سوکایەتی پێکراوە لەسەردەمانی بەعس وە تا ئێستاس لەتە زەویەکی پێ نەدراوە یان پێیشی درابێ بە 10 ساڵی تر خزمەتگوزاری ناگاتێ!!! ئەی ئایا کەم بنەماڵە شەهید هەن کە تا ئێستاش خاوەنی کولانەیەکیش نین؟؟ئەی ئاوارەو دەربەدەرەکان کە خێمەشیان پێ ڕەوا نابینن؟
ئەی چەندێ فەرمانبەر هەیە کە سێ تەمەنی زەکەریا خزمەتی ئیداری نەبێ و خاوەنی بستێ زەوی نین؟؟ لەولاشەوە هەزاران مەتر دووجا بۆ تەنها نەفەرێک، لە کاتێکدا ماڵی وا هەیە 10 سەر خێزانن و پۆلیسەکانی شارەوانیەکەی کاک حاکم ووشکە کەڵەکەکەشیان بەسەردا رووخاندن. . هەرچەندە ئەو پۆلیسانەش زۆرینەیان بەقەد ماڵ ڕووخاوەکە ئەوانیش قوربانی دەستی سیاسەتەکەی کاک حاکمن. .
ئەمەیە تراژیدیا قوربانیەک دەبێتە جەللادی قوربانیەکی تر.
ئەو چارەکە ملیۆن دۆلارە بتان بەخشیایە بەو خێزانە ئەنفالکراوانەی گەرمیان کە ماڵیان بۆ پێشمەرگە چۆڵ دەکرد و نانیان بۆ پێشمەرگە حازر دەکرد باشتر نەبوو؟؟.
گرفتەکان لە دەسەلاتەوە سەرچاوە دەگرێ وە لەو قەڵەم بەدەستانەی کە دەکەونە ستایش وسەنا کردنی دەسەڵاتداران. دەکەونە مکیاجکردنی ڕووە ڕەشەکانی دەسەڵات، ئەو تاوانانەی کە دەسەلات خۆی حاشای لیناکا ئەوان حاشای بۆ دەکەن. ئەو نوسەرانەی کە هیچ فەرقێکیان لەگەل دەرویشدا نییە و کوێرانە دەکەونە شوێن شێخە سیاسیەکان و خەلیفەکانی دەسەڵات. ئەو نوسەرانەی کە دەستێکی باڵایان هەیە لە نوشتانەوە ڕووەو خاوەن کورسیەکانی عەرش و ڕۆژانە لاپەرەی ڕۆژنامەکانیان پڕە لە دەستخۆشی کردن لە خاوەن شکۆکان و وەسف کردنی کارەکانیان. ئەو کورسیانەی کە بە خوینی هەزارەها ڕۆڵەی ئەم گەلە دروستکرا.
تا ئەندازەییەکی زۆر تاوانباری سەرەکی پاش دەسەڵات ئەو نوسەرانەیە کە بە هەموو شێوەیەک لە مەدحی پیاوە سیاسیەکاندان و نەک هەر ستایش بەڵکو ئەو دەنگە کزە کەمەی کە هاواری ڕەخنە و

حەقیقەت دەکات دوژمنایەتی دەکەن. . . تاوانبار ئەو ڕاپۆرت و نوسینە شەرمنانەن کە ڕۆشنبیرە ئازادەکان و سایتە جەریئەکان بە نامەسئوول دەدەنە قەڵەم.

لەوەها سیستمێکدا و لەوەها دۆخیکدا سەدان حاڵەتی وەک ئەوەی زەکەریا بەسەر میللەتە قوڕبەسەرەکەی کوردا رودەدات و نوسەرکانیش باس لە عەدالەتی هەڤاڵ و هێژاکان دەکەن.

ئەی تەلەفزیۆنەکان لە کۆێن کە خۆیان بە کۆمەڵێک لە پرۆگرامی مردووەوە خەریککردوە کە ئەویش ناراستەوخۆ گەورەترین خزمەت بە دەسەڵات دەکات و زۆرترین قوڕیش دەکات بەسەر جەماوەردا. ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە هەموو ساتێک ئاخ هەڵدەکیشن بۆ ئەم گەلە و لە ئاستی کردوەشدا هیچ. ئەو قسەو باسانەی کە هەموو تاوانەکان دەکاتەوە ملی بەعس و لە سەدان و هەزارەها ووردە سەدام خۆش دەبێت. گەر ڕەوشی ئیداری دەزگاکانی هەرێم بەم حوکمی قەرەقوشیە بڕوات زۆر زۆر ئاساییە کە ئەم جارە هەڵەبجە بێت بۆ سلیمانی و ئەم جارە وێنەکەی شێخی نەمر و پەیکەرەکەی براهیم پاشا ببنە قوربانی.